# هكذا يفعل رمضان

# ڕەمەزان ئاوها دەکات

اللغة الكردية – زمانی کوردی

شيخ هيثم سرحان – شەيخ هەيسەم سەرحان

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە ڕێگەپێدراوە بۆ هەموو موسڵمان

http://sarhaan.com http://MAHADSUNNAH.COM

# رەمەزان ئاوها دەكات

خوای گەورە بۆ رۆژووی لە شەرعدا داناوە ؟ ئایە بەرهەمەكانی چین ؟ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣ ﴾ البقرة: ١٨٣) واتە : ئەی باوەڕداران ئێوە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزاننتان لەسەر فەرز كراوە , هەروەكو چۆن لەسەر ئوممەتانی پێش ئێوەش فەرز كرابوو , بەڵكو تەقوای خوای گەورە بكەن))

جا رۆژوو تەزكیە و پاككەرەوەی نەفسەكانە ، رۆژوو تەندروستی دڵ و ئەندامەكان دەپارێزێت و ئەوەی كە دەستی شەهەوات پێی گەیشتووەو بردویەتی دەیگەڕێنێتەوە ، جا گەورەترین هۆكار و یارمەتیدەرە بۆ تەقوا ، ئەویش جیهادی نەفسە و تەبیعەتەكان رێک دەخات و زاڵ دەبێت بەسەر ئارەزووەكانیدا ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : (( الصيام جنة , فان كان يوم صوم أحدكم , فلا يرفث , ولا يصخب , فإن سابه أحد أو قاتله , فليقل : إني امرؤ صائم ) واتە : رۆژوو گرتن قەڵغانە , ئەگەر رۆژی رۆژووی كەسێكتان بوو ئەوا با قسەی هیچو پووچ نەكاتو دەنگی بەرز نەكاتەوەو كەس تورە نەكاتو ئەگەر كەسێك جوێنی پێدا یان لە گەڵیدا جەنگا ئەوا با بڵێت : من بە رۆژووم)

وە لە رۆژوودا دابڕانی تێدایە لە گەڵ ئەوەی زمان لەسەری راهاتووەو لە چەند خوویەكی ناشرین و ئاكاری حەرامكراو , جابیری كوڕی عەبدوڵا فەرموویەتی : (ئەگەر رۆژووت گرت ئەوا با بیستن و بینین و زمانت لە درۆكردن و گوناه بە رۆژوو بن , وە با رۆژی رۆژوو گرتنەكەت و رۆژی رۆژوو نەگرتنەكەت وەكو یەك نەبن ) هەروەها راهاتنی نەفسی تێدایە لە سەر ئەنجامدانی خەیر لە صەدەقە و نوێژ و خوێندنەوەی قورئان و جگە لەوانە لە گوێڕایەڵییەكانی تر , هەروەها پەروەردە كردنی تێدایە لەسەر دونیا نەویستی و هاندان بۆ بە دەستهێنانی دوارۆژ , جا لە بەهەشتدا بە رۆژووانان دەگوترێت :

﴿ كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ هَنِيٓـَٔۢا بِمَآ أَسۡلَفۡتُمۡ فِي ٱلۡأَيَّامِ ٱلۡخَالِيَةِ ٢٤ ﴾ الحاقة: ٢٤) واتە : بخۆن و بخۆنەوەو نۆشی گیانتان بێ خواردنەوەیەكی پاك و چاك بەهۆی ئەو كردەوە چاكانەی كە لە دونیادا كردووتانە).